**_Kongreya Neteweyî ya Kurdistanê_**
_Kurdistan National Congress_
**_Congrès National du Kurdistan_**
**كۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**
KNK
_Rue Jean Stas 41, 1060 Bruxelles Tel: 0032 2 647 30 84 Home Page:_ www.kongrakurdistan.net _E-Mail:_ kongrakurdistan@gmail.com

# له ٣٣یەمین ساڵیادی ١٥ی ئەیلول "تەباخ" دا

ساڵ ١٩٨٤، رۆژ ١٥ ی تەباخ .ئەیلول. کوردستان و تورکیا لەژێر حوکمی فاشیستیی جونتای١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ دا دەناڵێ. زوڵمێکی بێ سنوور و کوشت و کوشتارێکی بێ وێنە، ئەشکەنجەدانێکی درندانە ژیانی لە خەڵکی خستبووە نەهامەتیەوە. زیندانەکان لە خەڵکانی ئازادیخواز پڕ کرابوون. جونتای فاشیست ترس و تۆقاندنی لە ناو کۆمەڵگادا تەنیبوو. ترسی مردن لەسەر میللەتدا حاکمیەت بوو. نەفەسی ژیانی ئازادانەی لە خەڵک بڕیبوو. لەناو ئەو شەرت و مەرجە قورسەدا خەڵکی کورد و پێشەنگانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، لە بەرامبەر ئەو زوڵم و زۆرەی جمهوریەتی تورکیا دا دانەنەواند، سەریان شۆڕ نەکرد، بەرخۆدانێکی بێ وێنە و پیرۆزیان کرد. لە بەرامبەریدا قوربانی مەزن پێشکەش کرا، بەڵام لە بەرامبەری ئەو زوڵمەی دەوڵەت دا ئاڵای ئازادی بەرزکرایەوە.

لەناو ئەو ئادمۆسفەرە دژوارەدا، تێکۆشان و بەرخۆدانێکی قارەمانانە و بە تەقاندنی یەکەم گوللەی ١٥ ی تەباخ .ئەیلولی ١٩٨٤، بانگی ئازادی و رزگاریی کورد و کوردستان لە سەرانسەری کوردستان، تورکیا و جیهان جارێکی تر بەیان  و جاڕی بۆ درا.

لەو هەڵمەتە مەزن و مێژووییەدا ئەم جارەیان ئێروح و شەمزینان بوونە مەیدانی دەستپێکی تێکۆشانی رەوا و شەرعی شۆڕشی چەکداری، لە باکوری کوردستان لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا. بەو هەوڵ و کۆششە ئەمرۆ ترووسکەی شۆڕشی  کوردستان بۆتە بڵێسەی بە گوڕ و ئاگرێکی گەش لە ناو نیشتیمان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا. عەگیدی عەگیدان بە کۆمەڵێک شەرڤانانی ئازادیەوە دەستیان پێکرد و ئەمرۆ بوونە هێزێکی مەزنی گەریلا لە کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەمە خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکە لە پرۆسەی تێکۆشان و بەرخۆدانی دۆزی کورد و کوردستان دا لە باکور. ئەم هەڵمەتە و ئەم هەنگاوەی ١٥ ی تەباخ با لە گشت خەڵکی کورد وخەڵکانی کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیرۆز بێت.

لە ساڵیادی ٣٣ یەمینی ١٥ی تەباخدا، کۆماری تورکیا هێرشکاریی خۆی بە هەموو جۆرێک بەردەوام دەکات. دەوڵەتی تورکیا لە بەرامبەر هێز، توانا، بەرخۆدان و تێکۆشانی خەڵکی کورد و هەموو کوردستانیان کەوتوتە ناو ئاڵۆزیی گەورە و بەو تورەیی و رق و قینی شەڕ و هێرشکردنەکانی هەر دێ و زیاد دەکات.  بەو هەڵسوکەوتانەی خۆی لە دژی مرۆڤایەتیدا هەموو جۆرە چەکێکی لەناوبردنی بەکاردێنێ. لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا، ژینگەی کوردستانیی کردۆتە ئامانج و کردوویەتیە دۆزەخ. لە دێرسم تاوەکو هەکاری، لە قەرسەوە هەتا عەنتاب چ شاخێک، دۆڵ و مێرگ و نەوال نەما کە تۆپبارانی نەکات. دار و دەوەن و دارستانەکانی سوتاند، ئاو و ئاوەدانی لەناو برد و خنکاند و بە دروستکردنی بەربەست و بەنداو خەڵکانی ناوچەکی کۆچبەر کرد.

هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا تەنیا بە باکوری کوردستانەوە نەوەستاوە، بەڵکو هێرش ئەلاتە سەر رۆژاوا و باشووریش. هێرش و پەلامارەکانی ئەو دەوڵەتە بەرامبەر ئەو دوو پارچەیەش بەردەوامن و چەند جاوچەیەکیشی داگیرکردوون. لەسەرەتای ئەمساڵەوە لە رۆژاوا عەفرین و لە باشووریش ناوچەی سیدەکانی داگیرکردووە. لەو ناوچانەوە لە سەرانسری کوردستان بەرخۆدان و تێکۆشان و بێ وێنە دژی ئەم هێرش و داگیرکارییان بە رۆحی 15ی ئەیلول ( تەباخ)  بەڕێوەدەچێت.

دەوڵەتی تورکیا گەڕاوتەوە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و دەیەوێ بەرخۆدانی گەلێ کورد، بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بخنکێنێ. سیستەمی داد و دادگا بووەتە تەوقی ترس و ئەسارەتیی تێکۆشەرانی کوردستان. دیسان زیندانەکانی لە تێکۆشەرانی دۆزی کوردستان پڕ کردووە. توندوتیژی و ئەشکەنجە لەلایەن پۆلیس و جەندەرمەکانی دەوڵەت، بۆتە کارێکی ڕۆتین و ئاسایی ژیانی ڕۆژانەی دژی هەموو خەڵکی کوردستان.

بەڵام ئەم هەڵسوکەوت و کردارانەیان هەوڵی پووچ و بێ ئەنجامن. کورد و کوردستانی بە گیانی نیشتیمانپەروەری و گیانی ١٥ ی تەباخ، لەناو بەرخۆدان و تێکۆشانێکی گەرم و گوڕدایە. دۆڕانی کۆماری تورکیایە وسەرکەوتنیش دەبێتە هی گەلی کوردستان.

بە بۆنەی ئەم هزرویرە، ئێمە وەکو ( ک ن ک ) ٣٣ یەمین ساڵیادی ١٥ ی تەباخ . ئەیلول. بە دڵگەرمی پیرۆز دەکەین، شەهیدانی شۆڕش بە رێز و حورمەتەوە بە بیر دێنین و سەری رێزیشیان بۆ دادەنوێنین. ئەوانەی گیانیان بۆ کردە قوربانی و ئەوانەی بەردەوامن لەو شۆڕشەدا و هەنگاوی مێژوویان نا، سڵاو دەکەین. ئێمە هەموومان قەرزاری ئەوانین.

هیوادارین کە گەلی کوردستان بە گیانی ١٥ی تەباخ، هەموو هێز و توانای خۆیان یەکبخەن و رێککەوتنی ناوخۆیی یەکجارەکی پێکبێنن و لە دژی هەر رەنگێکی زوڵم و زۆرداری داگیرکەران خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازانەیان بە یەکدەنگی و یەکسەنگەری بۆ ئازادی و رزگاری کوردستان سەربخەن و بگەینە ترۆپکی ئامانجە مەزنەکەمان.

**کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ک.ن.ک**

١٥ ی ئەیلولی ٢٠١٨ . برۆکسل